## حاجی ئۆمەران: نەوتی رەش بەرەو ئێران دەڕوات

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی راگەیاند کە رۆژانە دەیان تانکەر لە خاڵی سنووری حاجی ئۆمەرانەوە نەوتی رەش بۆ ئێران دەگوازنەوە.
هەمان سەرچاوە ئاشکرای کرد کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم لە نووسراوێکی تایبەتدا خاڵی سنووری حاجی ئۆمەرانی ئاگادارکردۆتەوە کە وەزارەتی ناوبراو رەزامەندی دەربڕیوە کە کۆمپانیای شکار رێگەی پێدراوە سەد هەزار لیتر نەوتی رەش لە باشووری کوردستانەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بگوازێتەوە.
بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە داوا لە بازگەکان و خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران کراوە کە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای شکاردا بکەن و گرفتیان بۆ دروست نەکەن.

## باڵەکایەتی: نەخشەی بنەڕەتی شارۆچکەیەک هەرا دەنێتەوە

دوای ئەوەی نەخشەی بنەڕەتی شارۆچکەی گەلاڵە لەلایەن شارەوانیەوە ئاشکراکرا، خەڵکی ناوچەکە ناڕەزایی خۆیان پێشانداو رایانگەیاند کە ئەوان تێیدا زیانمەند دەبن و زەویەکانیان لەدەست دەردەچێ، بەوهۆیەشەوە داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن، بەڵام تا ئێستا دیارنیە کە ئایا شارەوانی بە چ شێوەیەک قەرەبووی ئەو کەسانە دەکاتەوە کە زەویەکانیان بەر نەخشەی بنەڕەتی دەکەوێت. سەبارەت بەو کێشەیە یەکێک لەوانەی کە زەویەکانی بەر نەخشەکە دەکەوێ بە رۆژی گەلی راگەیاندووە کە ئەوان بەنیازن سکاڵای خۆیان بۆ رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرزبکەنەوەو رێگە لەو نەخشەیە بگرن، جا یان بە قەرەبووکردنەوە بێ یان راگرتنی نەخشەکە.

## چوارقوڕنە: کارەبا ژنێک دەکوژێ

رۆژی ١٧-٧-٢٠٠٨ لە گەڕەکی چۆمانیەکانی شارەدێی چوارقوڕنە، ولاتی (ن.م) ئاو بۆ ماڵەوە دەبات لەرێگە کارەبا دەیگرێ و دەیکوژێ.
بەگوێرەی زانیاریەکان بەهۆی ئەوەی کە جەستەی تەڕبووە، زۆر بەخێرایی تەزووی کارەبا لێیداوەو کوشتوویەتی.

## رانیە: پۆلیس رێگە لە ناشتنی هەزار نەمام دەگرێ

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە دەست رۆژی گەل کەوتوون، ولاتی (ئیسماعیل خالد) کە تازە لە ئەوروپا گەڕاوەتەوەو ویستویەتی لە جوانکردنی ژینگەی زێدەکەیدا هاوکاری بکات، بەوهۆیەوە ١٠٠٠ نەمامی کڕیوەو ویستوویەتی بیانچێنێ، بەلام شارەوانی رانیە رازی نەبووەو بە پۆلیس رێگریان لێکردووە، ئەویش نەمامەکانی پێشکەش بەو ماڵە شەهیدانە کرد کە لە شارەدێی چوارقوڕنە نیشتەجێن.

## بانە: مین کچێکی ١٧ساڵان دەکوژێ

رۆژی ١٦-٧-٢٠٠٨ کچێکی دانیشتووی گوندی نێروان بەناوی (ز.فە) لە ناوچەی سورکەوێی نزیک شاری بانە لەکاتی ئاودێراندا پێ لەمینێک دەنێ و پێیدا دەتەقێتەوە، بەوهۆیەوە گیان لەدەست دەدات.
جێگەی ئاماژەیە کە سنووری نێوان رۆژهەلات و باشووری کوردستان زۆرترین ژمارەی مینی کەسیان تێدا چێنراوە، بەردەوام بە خەڵکی ناوچەکەدا دەتەقێتەوەو دەیانکوژێ.

## سورداش: نزیکەی سێ هەزار دۆنم رەزو باخ دەسووتێ

کاتژمێر ١٧ی ئێوارەی رۆژی ١٨-٧-٢٠٠٨ لە نزیک گوندی تیماری سەر بە ناحیەی سورداش ئاگرێک کەوتەوە، بەوهۆیەوە نزیکەی سێ هەزار دۆنم رەزو باخی ولاتیان سووتا.
بەگوێرەی زانیاریەکانی پۆلیسی ئاگر کوژێنەوە، ئاگرەکە بە دوو سەعات و ٤٥ خولەکە ئەوسا کۆنترۆڵ کراوەو خامۆش کراوەتەوە، بەوهۆیەشەوە زەرەرو زیانێکی زۆر بە جووتیارانی دەڤەرەکە کەوتووە. هەرچەندە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە دیاری نەکراوە، بەڵام لەم وەرزی هاوینەدا بەهۆی فڕێدانی سیگارو دەنکە شقارتەی داگیرساو زۆر بە ئاسانی ئاگر لە رەزو باخەکان بەردەبێ، هەرچەندە رێنوێنی خەڵک دەکرێ کە سیگاری داگیرساو فڕێ نەدەن، بەڵام زۆر راشکاوانە سەرپێچی دەکرێ، لەماوەی رابردوودا چەندین ئاگر لە دەڤەرکەدا کەوتۆتەوەو زیانی بە خەڵک گەیاندووە.

## داقوق: هاوردەکان خۆیان بە خاوەنی زەویەکان دەزانن

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە عەرەبە هاوردەکانی قەزای داقوق بە پاڵپشتی حزبە عەرەبیەکان و هێزەکانی ئەمریکاوە ئامادەنین ئەو زەویانەی کە کاتی خۆی رژێمی بەعس پێیداون بۆ خاوەنە رەسەنەکانیان بگێڕنەوە، چونکە خۆیان بە خاوەنی زەویەکان دەزانن.
لەدوای رووخانی سەدام تا ئێستا چەندین شەڕو ئاژاوە لەسەر ئەو زەویانە لەنێوان کوردەکان کە خاوەنی رەسەنی زەویەکانن لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان روویان داوە، بەڵام هەمیشە پشتیوانی لە عەرەبەکان کراوەو هاندراون تا نەگەڕێنەوەو لەسەر گوندی کوردان بمێننەوە.

## یۆنان: کوردستانیان رێپێوان دەکەن

کاتژمێر هەشتی رۆژی ١٩-٧-٢٠٠٨ کوردستانیانی دانیشتووی شاری ئەسینای پێتەختی ولاتی یۆنان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەبەرانبەر هەڕەشەی داخستی کەناڵی ئاسمانی رۆژتی ڤی رێپێوانێکیان ساز کرد.
ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیانی نیشتەجێی ئەو ولاتە کۆبوونەوەو ناڕەزایی و نیگەرانی خۆیان لەهەمبەر ئەگەری داخستینی کەناڵی ئاسمانی رۆژتی ڤی بە حکومەتی یۆنان و رای گشتی ئەو ولاتە گەیاند.
جێگەی ئاماژەیە کە رێپێوانەکە لەسەر داوای کۆمیتەی یۆنانی ناوەندی چاک پێکهاتبوو، ئامانجیش پرۆتستۆ کردنی بڕیاری داخستنی کەناڵێکی ئاسمانی کوردستانی بوو.

## ئەڵمانیاو سوریا لەسەر دیپۆرتکردنەوەی کوردان رێکدەکەون

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە هەردوو وەزیری ناوخۆی ولاتی سوریاو ئەڵمانیا کۆمەڵێک پەیماننامەی گرنگیان مۆر کردووە، بەوهۆیەوە ئاسانکاری دەکرێ تا ولاتی ئەڵمانیا ئەو کوردانەی رۆژئاوای کوردستان بۆ سوریا دیپۆرت بکاتەوە، کە ژمارەیان دەگاتە ٧٠٠٠ کەس، ئەمەش کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لێدەکەوێتەوە.
**بەسام عەبدولمەجید**، وەزیری ناوخۆی ولاتی سوریا لەگەڵ **ۆلفگانگ شاوبلێ**، وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا کۆبۆتەوە، هەردوولا لەسەر دیپۆرتکردنەوەی ئەو پەنابەرانەی سوریا رێککەوتوون کە وەلامیان نەرێنیان پێدراوەو مافی نیشتەجێبوونیان پێنەدراوە.
جێگەی ئاماژەیە کە پێشتر حکومەتی دیمەشق پەسندی نەدەکرد کە ولاتانی ئەوروپا کوردە سەرهەڵگرتووەکان بۆ سوریا دیپۆرت بکاتەوە، بەڵام ئێستا کرانەوەیەکی ئاشکرا لەنێوان سوریاو ولاتانی ئەوروپادا دەستی پێکردووە، لەمەشدا کورد زیانی پێدەکەوێ، بەوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی سوریا دیپۆرت دەکرێنەوە.

## چەند ژنێک پەنا بۆ مەرگ دەبەن

رۆژی ١٨-٧-٢٠٠٨ ژنێکی دانیشتووی قەلادزێ بەناوی (س.م) ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێ، بەهۆی زۆری سووتانەکەیەوە هەر ئەو شەوە گیان لەدەست دەدات.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو قوربانیە کێشەی لەگەڵ خەسوی هەبووە، دشەکانیشی سوکایەتیان پێکردووە، بۆیە لەداخانا پەنای بۆ مەرگ بردووەو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.
رۆژی ١٦-٧-٢٠٠٨ لە شارۆچکەی تەقتەقی نزیک کۆیە، کچێک بەناوی (ش.ر) بەهۆیەکی نادیارەوە ژمارەیەکی زۆر حەب دەخوات، بەوهۆیەوە گیان لەدەست دەدات.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کچە کێشەو گرفتی نەبووە.
رۆژی ١٧-٦-٢٠٠٨ ژنێکی دانیشتووی کۆمەڵگەی شاوێسی نزیک هەولێر بەناوی (ب.ع) ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێ و بەرێژەی ٩٥% جەستەی دەسووتێ، هەرچەندە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام دوای دە کاتژمێر گیان لەدەست دەدات.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو ژنە لە داخی مێردەکەی پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە، بەوهۆیەشەوە سکاڵا لەدژی کابرا تۆمارکراوە.
رۆژی ١٤-٧-٢٠٠٨ لە ناحیەی هیرانی نزیک شاری شەقلاوە ژنێکی تەمەن هەژدە ساڵە، بەناوی (ن.ح) نەوت بەسەر خۆی دادەکات و ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و بەرێژەی ٧٠% جەستەی دەسووتێ و دوایی رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو قوربانیە لەداخی شووبراکەی پەنای بۆ مەرگ بردووە، بەوهۆیەشەوە سکاڵای لەدژدا تۆمارکردووەو خواستوویەتی سزا بدرێ.
رۆژی ١٣-٧-٢٠٠٨ ژنێک بەناوی (ت.ز) ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێ و بە رێژەی کەمتر لە ٥٠% جەستەی دەسووتێ، بەڵام لەلای پۆلیس ئاشکرای کردووە کە داخی مێردەکەی و هەوێکەی پەنای بۆ مەرگ بردووە.

## ئەنستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ پێکدەهێنرێ

رۆژی ١٠-٧-٢٠٠٨ عەلی کەریم لەجیاتی دەستەی گشتی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند: ئێمە کۆمەڵێک چالاکوان داکۆکیکاران لە مافی مرۆڤ لە کوردستان لە روانگەی باوەڕبوونمان بە شکۆمەندی و ئازادیەکانی مرۆڤ و ئیلهام وەرگرتن لە بەها باڵاکان و کۆی ئایین و کلتوورو ئەزموونە جیاجاکانی مرۆڤایەتی لەژێر دروشمی (مرۆڤسالاری، مەدەنیەت، پەڕەپێدان) رێکخراوی ئەنستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ رادەگەیەنین.
بەگوێرەی بەیاننامەکە ئەنستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ رێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە و لەپێناو چاودێریکردن و پاراستن و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و قوڵکردنەوەی گیانی لێبووردەیی و بە هێزکردنی کولتووری مەدەنیەت کاردەکات.
**کاتژمێر**١٧ی رۆژی ١٩-٧-٢٠٠٨ لەگەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر شەڕ لەنێوان چەند کەسێک هەڵگیرسا، هەردوولا تەقەیان لەیەکتر کرد، ماوەی زیاتر لە نیو سەعات شەر درێژەی کێشا، هەردوولا یان تەقەی هەواییان دەکرد، یان دەستڕێژیان لەیەکتری دەکرد، ئارامیان لەخەڵکی گەڕەکەکە تێکدا، ژن و منداڵ خۆیان لە دەنگی تەقە زراوڕژێن ببوون، هەرچەندە کوژراوو بریندار نەبوو، بەڵام دوای سەعاتێک ئەوسا مەفرەزەیەکی پۆلیس گەیشتە شوێنی رووداوەکەو شوێنەکەیان گەمارۆدا. مەفرەزەکەی پۆلیس بە شێوازێک خۆیان تەنگەتاوکردبوو کە دەتگوت دەمودەست گەیشتوونەتە سەر رووداوەکە، ئەمە لەکاتێکدا کە بنکەی ئاسایش و پۆلیس و بارەگای حزبی تەنیا چەند سەد مەترێک لە شوێنی رووداوەکەوە دوورن.

## لەهەڵەبجەی تازەدا تەرمی دایکێک و کچێک دەدۆزرێنەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە شەوی ١٨-٧-٢٠٠٨ لەنێو ماڵێکدا لە هەڵەبجەی تازەدا تەرمی دایکێک و کچێک دۆزرانەوە کە دایکەکە ماوەی هەفتەیەک دەبوو مردبوو، هەروەها کچەکەش دوو رۆژ لەمەوپێش گیانی لەدەست داوە.
کەماڵ گەلاڵی ئەفسەری بنکەی پۆلیسی هەڵەبجەی تازە دوێنێ شەممە، ١٩-٧-٢٠٠٨ بە پەیامنێری ماڵپەڕی ئاوێنەی راگەیاندووە کە شەوی رابردوو سەبارەت بە ونبوونی دایکێک و کچێک زانیاریمان پێدرا، کاتێک چووینە ماڵەکە لە ژوورێکدا دوو تەرمی لێ بوو، یەکێکیان جەستەی وشک ببوو، ئەوی تریان تازە مردبوو.
بەگوێرەی زانیاریەکان شەش کەس لە ئەندامانی ئەو خێزانە بەتۆمەتی ئەوەی کە مردنی ئەو دایک و کچەیان شاردۆتەوە دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ. چونکە لەکاتێکدا دوو تەرم لەنێو ژوورێکدابووە کەچی ژیانێکی خێزانەکە ژیانێکی ئاساییان بەڕێ کردووەو کەسیان ئاگادار نەکردۆتەوە، بەوهۆیەشەوە سەرەداوی گومان دروست بووەو چاوەڕوانی راپۆرتی پزیشکی دادوەری دەکرێ تا بزاندرێ ئەو دووژنە چۆن و بەچی

## پرۆژەی کارکردن لەگەڵ فەشەل و هونەری هاوچەرخ لە کۆڕێکی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەدا

کاتژمێر ١٤،٣٠ی رۆژی ١٦-٧-٢٠٠٨ سەنتەری گەنجانی رانیە لە هۆڵی سەنتەر، ئێوارە کۆڕێکی بۆ هونەرمەند **بیتوین عەلی** ساز کرد، هەرچەندە هۆڵەکە بەهۆی بڕانی کارەباوە گەرم ببوو، بەڵام گەنجەکان زۆر بە تامەزرۆییەوە هەم سەیری دیمەنە ڤیدیۆییەکانیان دەکردو هەمیش گوێیان بۆ هونەرمەند بیتوین عەلی شل کردبوو.
ئێوارە کۆڕەکەی هونەرمەند بیتوینن عەلی لە ژێر ناونیشانی (پرۆژەی کارکردن لەگەڵ فەشەل و هونەری هاوچەرخ) پێکهاتبوو، شێوازی کۆڕەکە لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازی هەبوو، چەند دیمەنێکی ڤیدیۆیی لەرێگەی داتاشۆوە پیشان دەدران، هەروەها کۆرگێڕیش قسەی لە بارەی دیمەنەکانەوە دەکرد، دواتر ئامادەبوان سەرنجی خۆیان دەردەبڕی و کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد.
جێگەی ئاماژەیە کۆڕەکە نزیکەی کاتژمێرو نیوێکی خایاندو رێژەیەکی زۆری هونەرمەندو گەنجان ئامادەی بوون و گوێیان لێگرت.

## هەواڵی سەیر

**رۆژی** ١٦-٧-٢٠٠٨ کەسێک کە خۆی بە سیاسی و رۆشنبیر دەزانێ، تەلەفۆن بۆ برادەرێکی دێرینی خۆی دەکات و پێیڕادەگەیەنێ کە نەچێت بۆ شاری سلێمانی، چونکە کەسێک سکاڵایەکی درۆینی لەسەر تۆمار کردووە، ئەگەر بگاتە ئەوێ، دەستگیر دەکرێ، بەڵام ئەو چونکە هیچ لەخۆی شک نابات، باوەڕی پێناکات و رۆژی ١٧-٦-٢٠٠٨ دەچێتە سلێمانی و میوانی کەسێکی ناسراویش دەبێ، کەدێتە دەرەوە، دەبینێ دوو پۆلیس لەبەردەم سەیارەکەی ئەو راوەستاون، خۆیان دەناسێنن و داوای لێ دەکەن لەگەڵیاندا بچێ بۆ بنکەی پۆلیس، ئەویش لەگەڵیاندا دەچێ، دەبینێ ئەو برادەرەی کە رۆژی پێشتر تەلەفۆنی بۆ کردووەو پێیگوتووە کەسێک سکاڵای درۆیینی لەسەر تۆمار کردووە و فەرمانی گرتنی هەیە، کەسەکە خۆیەتی و لە خۆڕاوە سکاڵای تۆمارکردووەو گوتویەتی کە فلانە کەس دەمکوژێ. باشە ئەگەر کەسێک خۆی بە سیاسەتکارو رۆشنبیر بزانێ ئەم کارانە بکات، دەبێ خەڵکی بازاڕی چی بکات؟؟
**رۆژی** ١٣-٧-٢٠٠٨ چەند چەکدارێک دەچن بۆ نەخۆشخانەی شاری دەربەندیخان و چەند بریندارێک لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و دەیانەوێ یەکسەر بچن بۆ ناو نەخۆشخانە، پۆلیسی نەخۆشخانە داوایان لێدەکەن بەپێی یاسا خۆیان بناسێنن، بەڵام ئەوان گوێی پێنادەن، بەوهۆیەوە شەرەمستی لێدەکەوێتەوەو دوو کەسیش برینداردەبن، هەروەها تەقەش دەکرێ. بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو چەکدارانە بەرپرس بوونەو پاسەوانیشیان لەگەڵدابووە!!
**کادیرێکی** پێشکەوتووی حزبێک کە دەزانێ شەش مانگ مووچەکەی خوراوە، رۆژی ١٤-٧-٢٠٠٨ دەچێ بۆ لای ئەو بەرپرسەی کە لەجیاتی ئەو مووچەی وەرگرتووە، داوای مووچەکەی لێدەکاتەوە، بەڵام کاکی بەرپرس لەجیاتی داوای بووردنی لێبکات و مووچەکەی بۆ بگێڕێتەوە، کەچی دەمانچەی لێ رادەکێشێ و داوا لە پاسەوانەکانی دەکات تا دەستی ببەستن و بیخەنە زیندانەوە!! کابرا مووچە خوراو گاڵتە بە بەرپرسەکە دەکات و دەڵێ: 'تۆ ئەو پیاوە نیت کە من زیندانی بکەیت، چونکە ئەگەر ئازا بوایت مووچەی شەش مانگی منت نەدەخوارد!
**رۆژی** ١٧-٧-٢٠٠٨ کەسێک بەناوی (ن.ن) دەیەوێ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی سەفەری ئێران بکات، بەوهۆیەوە رەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان وەردەگرێ و دەیەوێ لە خاڵی سنووری حاجی ئۆمەرانەوە بپەڕێتەوە، لە رێگەدا چەند هاو سەفەرێکی لەگەڵ دادەبێ، ئەوانیش وا پێشان دەدەن کە دەیانەوێ بچن بۆ چارەسەرکردن، ئیدی باوەڕیان پێدەکات، لە نزیک قەزای سۆران یەکێک لە سەرنشینەکان دادەبەزێ و پێیان دەڵێ کە کارێکی گرنگی هەیەو دواتر بە سەیارەیەکی دیکە دێ. کاتێک دەگەنە نزیک خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران کاک (ن.ن) سەیر دەکات هەموو شتەکانی لێدزراوە، بۆیە بەهەناسە ساردی دەگەڕێتەوە.
**رۆژی** ١٨-٧-٢٠٠٨ شۆفێرێکی تاکسی کە زۆر گەرمای دەبێ، بەنیازی خۆ فێنک کردنەوە لەنزیک بارەگای لایەنێک لەهەولێر تاکسیەکەی رادەگرێ، دەدابەزێ و لە سەندوقی سەیارەکەی دەبیە ئاوێک دەردێنێ و بەسەر خۆیدا دەکات، بەمەبەستی پڕکردنەوەی دەبیەکە بەرەو دەرگەی بارەگا دەڕوات، پاسەوانەکە ئەم حاڵەتە دەبینێ، دەترسێ، وادەزانێ بەنزینی بەسەرخۆی داکردووەو دەیەوێ خۆی بسووتێنێ، بۆیە بەپەلە خۆی لەژوورێ دەنێ و دەرگە لەسەر خۆی پێوەددات. شۆفێرەکەش کە ئەمە دەبینێ دەست بە پێکەنین دەکات و بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.
**حکومەتی** بەغداد دەیەوێ بەزۆر هەردوو ئیدارەکەی پێشووی هەرێمی کوردستان یەکبگرێتەوە، لەم بارەیەوە سەرچاوەکان ئاشکرایان کرد کە حکومەتی عێراق گوشار لەو کەسانە دەکات کە لەسەر دەمی دوو ئیدارەییدا پەساپۆرت یان رەگەزنامەیان لە شوێنی رەسەنەکە دەرنەهێناوە، بۆ نموونە ئەو رەگەزنامانەی کە بەناوی پارێزگاری سلێمانیەوە لە شاری هەولێر دەرهێنراون کاریان پێناکرێ، هەروەها ئەو رەگەزنامانەی کە لە کۆیەوە بەناوی هەولێر دەرهێنراون کاریان پێناکرێ و رەت دەکرێنەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com